# سەدر داوای ئەنجامدانی نوێژی "ملیۆنی" یەکگرتوو لەبابل دەکات



موقتەدا سەدر، ڕێبەری ڕەوتی نیشتمانیی شیعە، لە پەیامێکی دەستنووسدا داوای لە لایەنگرانی کرد، نوێژێکی هەینیی یەکگرتوو لە بابل بکەن.

لە نووسراوەکەدا سەدر ڕایگەیاندووە: "لەبەر بەرژەوەندیی گشتی و بە زیندووڕاگرتنی ئەنجامدانی نوێژی هەینی کە شەهید سەدر داهێنەری بووە، بە پێویستی دەزانم نوێژێکی یەکگرتوو لە سەرانسەری عێراقدا ئەنجام بدرێت و ئەمساڵ لە پارێزگای بابلی ئازیز بێت".

سەدر مەرجی ئەوەشی داناوە، دەبێت ئەو نوێژە ببێتە "گردبوونەوەیەکی ملیۆنی بۆ ئەوەی دوژمنان لێی بترسێن".

سەبارەت بە پارێزگاکانی دیکەش، سەدر ئاماژەی بەوە داوە، دەبێت نوێژی هەینی لە پارێزگاکانی تر تەنها لەلایەن پێشنوێژەوە (ئیمام) ئەنجام بدرێت، بەو واتایەی جەماوەرەکەی هەمووی ڕوو لە بابل بکەن.